# هەندێک زانیاری لەسەر (بکەرنادیار)

ئامادەکردنی: مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

هەینی (٢٠٢٣/٣/٣١)

١/ کار لە ڕووی (بکەردیار و بکەرنادیار)ەوە دوو جۆرە:

أ/ کاری بکەردیار

ب/ کاری بکەرنادیار

کەواتە کاری (بکەرنادیار) جۆرێکە لە جۆرەکانی (کار).

٢/ کاری (بکەرنادیار): بریتییە لەو کارەی، کە (بکەر)ەکەی لەناو ڕستەدا باس ناکرێت و دیار نییە، بە هەر هۆکارێک بێت.

٣/ لە ڕستەی کاری بکەرنادیاردا هەمیشە (جێگری بکەر)مان هەیە.

٤/ (جێگری بکەر) لە بنەڕەتدا (بەرکار)ی ڕستە بکەردیارەکە بووە، بەڵام کە ڕستەکەمان کرد بە بکەرنادیار، (بەرکار) دەهێنینە شوێنی بکەر و لە ڕستە بکەرنادیارەکەدا پێی دەڵێین (جێگری بکەر).

٥/ (جێگری بکەر) ئەرکە، واتە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی ناو، بەزۆری (ناو، جێناو، ...) ئەم ئەرکە دەبینن.

٦/ ڕستەی بکەرنادیاریش چونکە ڕستەیە، وەک هەموو ڕستەیەک ئەمیش بەبێ جێناوی لکاو نابێت، جێناوە لکاوەکەش بۆ (جێگری بکەر) دەگەڕێتەوە، یان خۆی دەبێت بە (جێگری بکەر).

جێناوە لکاوەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

أ/ ئەگەر کارە بکەرنادیارەکە ڕابردوو بێت، کۆمەڵەی دووەم (م– ین، یت– ن، Ø– ن) وەردەگرێت.

ب/ ئەگەر کارە بکەرنادیارەکە ڕانەبردوو بێت، کۆمەڵەی سێیەم (م– ین، یت– ن، ێت/ ات– ن) وەردەگرێت.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

٧/ بەشێوەیەکی گشتی کاری بکەرنادیار لە (ڕەگی کار) دروست دەکرێت، جگە لە هەندێک حاڵەتی شاز و ناوێزە، کە لە (قەد)ی چاوگ دروست دەکرێت.

٨/ کاری بکەرنادیار نیشانەی هەیە و بەهۆی نیشانەکەیەوە دەیناسینەوە.

نیشانەکەش بەم جۆرەیە:

أ/ نیشانەی (را) بۆ ڕابردوو بە هەموو جۆرەکانیەوە.

ب/ نیشانەی (رێ) بۆ ڕانەبردوو.

٩/ جیاکردنەوەی جۆرەکانی ڕابردووی بکەرنادیار، بەهۆی نیشانەکانی جۆری کارە ڕابردووەکەوە دەبێت، کە ئەمانەن: (دە، ووە/ وە، بوو، با، بێت، بووبا).

جیاکردنەوەی جۆرەکانی ڕانەبردووی بکەرنادیار، بەهۆی نیشانەکانی جۆری کارە ڕانەبردووەکەوە دەبێت، کە ئەمانەن: (دە، بـ).

١٠/ بەگشتی یاسای ڕابردووی بکەرنادیار بریتییە لە:

[(ئەگەر نیشانە هەبوو.) + ڕەگ + را + (ئەگەر نیشانە هەبوو.) + ک٢]

وەک:

(بینرام.)، (دەبینرام.)، (بینراوم.)، (بینرابووم.)، (بینرابام.)، (بینرابێتم.)، (بینرابووبام.)

بەگشتی یاسای ڕانەبردووی بکەرنادیاریش بریتییە لە:

[(دە/ بـ) + ڕەگ + رێ + ک٣]

وەک:

(دەبینرێم.)، (ببینرێم.)

١١/ (کاری بکەرنادیار) تەنیا لە کاری (تێپەڕ) دروست دەکرێت. واتە کاری تێنەپەڕ بکەرنادیاری لێ دروست ناکرێت.

مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)

١٢/ مەرج نییە، هەر کاتێک (را)مان لە کۆتاییی کاری ڕابردوودا بینی، ڕاستەوخۆ بڵێین ئەوە (ڕابردووی بکەرنادیار)ە، چونکە جاری وا هەیە هیی قەدەکە خۆیەتی و بەشێکە لێی و قەدەکە خۆی بە (را) کۆتاییی هاتووە و هیچ پەیوەندیی بە (را)ی نیشانەی بکەرنادیارەوە نییە، تەنیا هاوشێوەن. بۆ نموونە:

ئافرەتەکە تۆرا.

لەم ڕستەیەدا کاری (تۆرا)، لە چاوگی (تۆران)ەوە هاتووە، ئەم ڕستەیە بکەردیارە و کارەکە (تێنەپەڕ)ە و هەر ناکرێت بە بکەرنادیار، بەڵام قەدەکە بریتییە لە (تۆرا)، واتە قەدەکە خۆی بە (را) کۆتاییی هاتووە و هیی خۆیەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە (را)ی نیشانەی بکەرنادیارەوە نییە، تەنیا هاوشێوەن. دەبێت خوێندکار ئەم حاڵەتە ئاگادار بێت.

هەروەها مەرج نییە، هەر کاتێک (رێ)مان لە کۆتاییی کاری ڕانەبردوودا بینی، ڕاستەوخۆ بڵێین ئەوە (ڕانەبردووی بکەرنادیار)ە، چونکە جاری وا هەیە هیی ڕەگەکە خۆیەتی و بەشێکە لێی و ڕەگی کارەکە خۆی بە (رێ) کۆتاییی هاتووە و هیچ پەیوەندیی بە (رێ)ی نیشانەی بکەرنادیارەوە نییە، تەنیا هاوشێوەن. بۆ نموونە:

گەڵاکە هەڵدەوەرێ.

لەم ڕستەیەدا کاری (هەڵدەوەرێ)، لە چاوگی (هەڵوەرین)ەوە هاتووە، ئەم ڕستەیە بکەردیارە و کارەکە (تێنەپەڕ)ە و هەر ناکرێت بە بکەرنادیار، بەڵام ڕەگی کارەکە بریتییە لە (هەڵ ... وەرێ)، واتە ڕەگەکە خۆی بە (رێ) کۆتاییی هاتووە و هیی خۆیەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە (رێ)ی نیشانەی بکەرنادیارەوە نییە، تەنیا هاوشێوەن. دەبێت خوێندکار ئەم حاڵەتە ئاگادار بێت.

١٣/ مەرج نییە، هەموو کات جێناوی لکاوی ڕستەی کاری بکەرنادیار سفر (∅) بێت، بەڵکو دەکرێت کەسەکانی تریش بێت.

نم/ من بینرام.

نم/ من دەبینرێم.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

١٤/ ئەمەش هەندێک نموونەی تر:

| ڕستەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی (بکەردیار) | ڕستەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی (بکەرنادیار) |
|---|---|
| تۆ منت بینی. | من بینرام. |
| تۆ ئێمەت بینی. | ئێمە بینراین. |
| من تۆم بینی. | تۆ بینرایت. |
| من ئێوەم بینی. | ئێوە بینران. |
| تۆ ئەوت بینی. | ئەو بینرا Ø . |
| تۆ ئەوانت بینی. | ئەوان بینران. |

.....................

| ڕستەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی (بکەردیار) | ڕستەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی (بکەرنادیار) |
|---|---|
| تۆ من دەبینیت. | من دەبینرێم. |
| تۆ ئێمە دەبینیت. | ئێمە دەبینرێین. |
| من تۆ دەبینم. | تۆ دەبینرێیت. |
| من ئێوە دەبینم. | ئێوە دەبینرێن. |
| تۆ ئەو دەبینیت. | ئەو دەبینرێ + ێت. ← ئەو دەبینرێت. |
| تۆ ئەوان دەبینیت. | ئەوان دەبینرێن. |

# کۆتایی

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)